ژمارە (387) سێشەممە 2016/2/9 20ی ڕێبەندان 2715 (500) دینار
ڕۆژنامەیەکی وەرزشی هەفتانەیە کۆمپانیای ڕووداو بەسپۆنسەری کۆمپانیای کورەک تیلیکۆم دەریدەکات
WWW.RUDAW.NET

# ڕووداو وەرزشی



سیلڤا بڕوا بەوە ناکات فەرەنسا دەستبەرداری باشترین هێرشبەری جیهان بێت..

## "هەڵبژاردەی بەرازیل پێویستی بە کەریم بنزیمەیە"

ڕووداوی وەرزشی - SAMBA

تیاگۆ سیلڤا، بەرگریکاری یانەی پاریس سانجێرمانی فەرەنسی، کە پێشتر کاپتنی هەڵبژاردەی بەرازیل بوو، داکۆکی لە کەریم بنزیمەی هێرشبەری فەرەنسی دەکات و دەڵێت «نازانم هەڵبژاردەی فەرەنسا بە چ پاساوێک دەستبەرداری بنزیمە دەبێت، تەنانەت هەڵبژاردەی بەرازیل پێویستی بە هێرشبەرێکی وەک بنزیمەیە».

تیاگۆ سیلڤا، کە ئێستا لەلایەن کارلۆس دۆنگای ڕاهێنەری هەڵبژاردەی بەرازیلەوە لە پێکهاتەی سامبا دوورخراوەتەوە، سەرسوڕمانی خۆی لەوە نیشاندەدات کە هەڵبژاردەی فەرەنسا لەسەر پرسێکی بچووک خۆی لە تواناکانی هێرشبەرێکی وەک بنزیمە بێبەش بکات، لە کاتێکدا وەک خۆی لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ ڕادیۆی RTL دەڵێت «ئێمە ئاستی بنزیمە دەزانین، ئەو یاریزانێکە لە هیچ هەڵبژاردەیەک دووبارە نابێتەوە».

سیلڤا، لەو هەڤپەیڤینەدا زیاتر پەسنی بنزیمەی داو هیوای خواست هەڵبژاردەی بەرازیل یاریزانێکی وەک بنزیمەی هەبوایە، کە ئەمە ئاماژەیە لەسەر ئەوەی سیلڤا دەرکردنی ئەستێرەی ڕیال مەدرید لە هەڵبژاردەی کەڵەشێرەکانی فەرەنسای بەلاوە هەڵسوکەوتێکی زۆر هەڵەیەو لەو بارەوە گوتی «هەڵبژاردەی سیلیساو پێویستی بە هێرشبەرێکی وەک بنزیمە هەیە، پێویستی بە ئاست و تواناکانی لەسەر یاریگەدا هەیە»، هەروەها گوتیشی «بەلامەوە گرنگ نییە دیدێ دیشامپ چۆن بیر دەکاتەوە، بەڵام سەبارەت بەخۆم بنزیمە کەسێکە دووبارە نابێتەوە».



هێشتا نێومالّی مەدرید ڕێکنەخراوەتەوەو یەکەم شۆڕت لەنێوان زێدان و سەرۆک ڕوویدا..

# ئاگرەکە نەکوژاوەتەوە

**کارفاخال:** ئەمساڵ ماوەی مانەوەمان لەناو فڕۆکەدا زۆرتر بووە لە ماوەی مەشقەکانمان

LOTTO

ڕۆژی دووشەممە 15/2/2016 تیروپشکی چلوپێنجەمین لۆتۆی (ڕووداوی وەرزشی) لە RUDAW.TV ئەنجام دەدرێت

8



## یاریزانانی لیستەر سیتی چۆن مەحاڵیان کردە ڕاستی

3«

ڕووداو وەرزشی
ژمارە (387) سێشەممە 2016/2/9



## سزا درا

دەنیز ناکی، یاریزانی کوردی یانەی ئامەدی باکووری کوردســتان، لەلایەن یەکێتی تۆپی پێی تورکیاوە بۆ 12 یاری ڕاگیرا، وەک ســزایەک بۆ ئەو پۆســتەی لە فەیسبوکی خۆی کردووە تێیدا پشتگیری خۆی بۆ شەهیدانی باکووری کوردستان ڕاگەیاندووەو نووسیویەتی «ئێمە سەری خۆمان شۆڕ ناکەین و بەردەوام دەبین لە یاریکردن بۆ بەدەستهێنانی سەرکەوتن و ئازادی». ئەو یاریزانە کە لە ئەڵمانیا لەدایکبووەو بەڕەگەز خەڵکی شاری دێرسمی باکووری کوردستانە، ساڵی ڕابردووش بەهۆی ڕاگەیاندنی پشتگیری خۆی بۆ شەهیدانی کۆبانێ، لەلایەن چەند تورکێکی ڕەگەزپەرستەوە لە ئەنکەرا هێرشی کرایە سەر و سووکایەتی پێکرا.

# تازەپێگەیشتوویەکی هەولێر دەبێتە یاریزانی ئەکادیمیای وەرزشیی ئەنکەرا

## یەحیا محەممەد بازیانی: دەمەوێ لە ڕێگەی ئەنکەراوە لە دەرگای یانەیەکی گەورەی ئەوروپا بدەم



**کارزان کانەبی**
**ڕوداوی وەرزشی - هەولێر**

یەحیا محەممەد بازیانی، تەمەنی تەنیا 12 ساڵە، کوڕی کەسایەتییەکی دیاری کوردستانە، دکتۆر محەممەد بازیانی. ئەو کوڕێکی هەتا بڵێی نەرم و نیانە لە قسەکردن. ئەو بە بەهرەی یاریکردنی بە تۆپ هەمووانی سەرسام کردووە. یاریزانی تیپی تازەپێگەیشتووانی یانەی هەولێرەو بەمدواییە لە ئەکادیمیای ئەنکەرای تۆپی پێ وەرگیراوە. کە نیازی ئەوەی هەیە لەو ئەکادیمیایەوە لە دەرگای ئەوروپا و یانە گەورەکانی بدات.

یەحیا محەممەد، بۆ (ڕووداوی وەرزشی) باسی لەوە کرد کە هەر لە منداڵییەوە خەونی بە تۆپی پێوە بینیوەو گوتی «دەمەوێ لە ڕێگەی ئەم یارییەوە ناوی کوردستان بەرز بکەمەوە».

ئەو پێشتر لە ئەکادیمای یانەی هەولێر و ئیتاڵییەکانیش یاری کردووە، ئێستا یاریزانی تازەپێگەیشتووانی یانەی هەولێرە، بەڵام فەیسبووک هاوکاری کردووە بچێتە ئەکادیمیای ئەنکەرای. ئەو دەڵێت «ئەوان لە ڕێگەی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووکەوە چەند ڤیدیۆیەکی منیان بینی بوو، ئاستی یاریکردنی منیان بەدڵ بوو، داوایان لێکردم سەردانی تورکیا بکەم، بۆ ئەوەی تواناکانم تاقی بکەنەوە. ئیدی سەردانی ئەو ئەکادیمیایەم کرد، کە زیاتر لە 30 یاریزانی جیهانیان بۆ تاقیکردنەوە هێنابوو. سوپاس بۆ خوا توانیم سەرکەوتووبم و لە ئەکادیمیاکە وەرگیرام».

یەحیا محەممەد، باس لەوە دەکات کە لە چەند ئەکادیمایەکی دیکە چاودێری ئەو دەکەن و دەڵێت «بەڕێز ڕۆجیریۆ، ئەوەی مێسییەکەی کەرکووکی بردە ئیتاڵیا زۆرجار لە ڕێگەی پەیوەندی تەلەفۆنی و تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووکەوە پەیوەندی بە باوکمەوە کردووە بۆ ئەوەی بمباتە ئەو ئەکادیمیایە لە ئیتاڵیا. بەڵام نەڕۆیشتووم، چونکە مەرجی ئەوان ئەوەیە لەسەر مەسروفاتی خۆمان سەردانی ئەو وڵاتە بکەین، ئەوەش بۆ ئێمە کارێکی قورسە، بەڵام هەر کاتێک ئەوان ڕازی بوون مەسروفاتی ئێمە بکەن، ئێمەش ئامادەین بچینە ئەو وڵاتە».

یەحیا ئەوە ڕەتدەکاتەوە ئەکادیمیای بارسێلۆنا پەیوەندی پێوە کردبێت و دەڵێت «نەخێر ئەوە ڕاست نییە، ئەکادیمیای بارسا پەیوەندی پێوە نەکردووم، تەنیا لە مانچستەر لە ڕێگەی برادەرێک پێم گوتراوە، بەڵام باوەڕم بەوە نەکرد، چونکە پارەیەکی زۆری دەوێ».

یەحیا محەممەد، دوای مانگی 5 دیکە، کە تاقیکردنەوەکانی کۆتایی هاتن، دەچێتە تورکیاو بەیەکجاری پەیوەندی بە ئەکادیمیای تۆپی پێی ئەنکەرای نێودەوڵەتییەوە دەکات. بە قسەی خۆی بۆ ئەو وڵاتی تورکیا لە هەمووی باشترە. هەر لەبەرئەوەش پەیوەندی بە هیچ ئەکادیمیایەکی عێراقەوە نەکردووە، چونکە وەک خۆی دەڵێت «لە عێراق یاریزان چەند بەتوانا بێت ناگاتە ئامانجی خۆی، زۆر ڕەشبینم بە ئاستی وەرزش لە عێراق».

یەحیا، سوپاسی یانەی هەولێر و چەند یاریزانێکی ئەو یانەیە دەکات، چونکە زۆر هاوکاریان کردووە «یاریزانانی یانەی هەولێر زۆر هاوکاریان کردووم، بەتایبەتیش سەرهەنگ موحسین و هەردی سیامەند، کەناڵەکانی ڕاگەیاندنیش هاوکارم بوونە».

سەرەڕای ئەوەش یەحیا داواکەی یانەی هەولێری ڕەتکردووەتەوە بۆ مۆرکردنی گرێبەستێک لەگەڵیدا، چونکە وەک خۆی باسیدەکات «یانەی هەولێر داوای گرێبەستی لێکردم، بەڵام گرێبەستم نەکردووە بەهۆی ئەوەی ئەگەر گرێبەست بکەم ناتوانم بۆ هیچ شوێنێکی دیکە یاری بکەم».

خەونی گەورەی یەحیا ئەوەیە لە دەرگای تورکیاوە هەنگاو بۆ ئەورووپا بهاوێژێت و لە یانەیەکی گەورەی ئەورووپا یاری بکات «بەهیوای ئەوەم لە ڕێگەی ئەم وەرزشەوە سەری منداڵانی کوردستان و ناوی کورد بەرز بکەمەوە لە جیهاندا. هیوادارم بتوانم یارمەتی منداڵانی کورد بدەم بۆ ئەوەی بگەنە ئاستی بەرز، یاری تۆپی پێ لە کوردستان بەرەو پێش بچێت، کە لە ڕاستیدا یاریزانی زۆر باشمان هەیە».

یەحیا ئاستی وەرزشیی کوردستان بە باش نابینێت «چەندین یاریزانی دیکە هەیە دەیانەوێ بگەنە ئاستی بەرز، بەڵام هەلیان بۆ نارەخسێ بۆ ئەوەی بتوانن خۆیان دروست بکەن، بەداخەوە لێرە گرنگیدان بە یاریزانانی تازەپێگەیشتوو کەمە. لە کوردستان هەر لە مێژە بەمشێوەیە یاریزان ناتوانێ بگاتە هیچ ئامانجێک، تەنیا خۆماندووکردنی بۆ دەمێنێتەوە».

ئەو کوڕە یاریزانە باس لەوە دەکات ئەو کاتەی لە ئەکادیمیای ئەنکەرا تاقیکردنەوەیان پێکردووە، ڕاهێنەرانی ئەکادیمیاکە زۆر پێی سەرسامبوونەوە پێیانگوتووە «تۆ مێسی کوردی».

# زێرەڤانی هەڕەشە دەکات



**ڕووداوی وەرزشی - دهۆک**

سەرۆکی یانەی وەرزشیی زێرەڤانی، لە لێدوانێکدا بۆ (ڕووداوی وەرزشی) ڕاگەیاند یانەکەیان قۆناخە سەختەکەی تێپەڕاندو جەماوەری یانەکەی دڵنیاکردەوە کە یانەکەیان دەگەڕێتەوە ئاستی جارانی خۆی و بلیتی قۆناخی داهاتووی خولی نایابی کوردستانی مسۆگەرە.

عەبدولخالق حەسەن، بە (ڕووداوی وەرزشی) ڕاگەیاند کە لەسەرەتای وەرزەوە فشارێکی زۆر لەسەر یاریزانەکانیان بووە، لەبەرئەوە لە 5 یاری یەکەمدا هیچ سەرکەوتنیان بەدەست نەهێناوە «خراپی ئەنجامەکانمان لەم وەرزەدا هۆکارەکەی ئەو فشارە دەروونییە بوو کە کەوتبووە سەر یاریزانان و ڕاهێنەری یانەکەمان، بەهۆی ئەوەی یاریزانانی ئێمە هەمووی لە باشەکانی هەرێمی کوردستان بوون. یەکەم تیپیش بووینە لە خولی کوردستان کەمپی مەشقیمان لە دەرەوەی وڵات کردووەتەوە سەرەڕای ئەم بارودۆخە داراییە خراپەی هەرێمی کوردستان. بێجگە لەوەش یاریزانانی ئێمە خۆیان بە پاڵەوان دەزانی».

لە بارەی هەستانەوەی ئاستی تیپەکەش سەرۆکی یانەی وەرزشیی زێرەڤانی، گوتی «دوای سەرکەوتنمان بەسەر یانەی زاخۆ یاریزانانی ئێمە گەڕاونەتەوە ناو بارودۆخەکە، ئێمەش کەمتەرخەمیمان بۆیان نەکردووە، دەمانەوێ لەم قۆناخەدا ئاستێکی باشتر پێشکەش بکەین و تا ڕاددەیەک ئاستی تیپەکەمان بگەڕێنینەوە دۆخی وەرزی ڕابردوو، کە دڵنیاین ئەگەر یەکەمی گروپەکەشمان نەبین، دەتوانین خۆمان بگەیەنینە قۆناخی داهاتووی خولی نایابی کوردستان».

لەبارەی دەستلەکارکێشانەوەی ڕاهێنەر و هاتنی ڕاهێنەری تازەش، سەرۆکی یانەکە گوتی «هەر لەبەر ئەو ئەنجامە خراپانە سلێمان ڕەمەزان دەستی لەکارکێشایەوە، دوای ئەو 6 ڕاهێنەر لەسەر هێڵن بۆ ئەوەی ئەرکی مەشقی یانەی زێرەڤانی لەئەستۆ بگرن، بەڵام ئێمە غەزوان محەممەدی یاریدەدەری ڕاهێنەرمان بەشێوەیەکی کاتی کردووەتە ڕاهێنەر، ئەومان سەرپشک کردووە بۆ ئەوەی ببێتە ڕاهێنەری فەرمی یانەکە، هەر کاتێک ئەو بتوانێت کارەکە ڕاپەڕێنێت ئێمەش ئامادەین تیپەکەی ڕادەست بکەین».

ئەمساڵ جیاواز لە ساڵانی پێشوو، یانەی زێرەڤانی سەرەڕای ئەوەی کەمپی مەشقی لە دەرەوەی وڵات ئەنجامدا و ژمارەیەک یاریزانی بەتوانای لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان هێنایە ریزەکانی خۆی، بە ئامانجی درێژەدان بە ئەنجامە باشەکانیان، کە هەڵگری 3 نازناوی خولی کوردستانە، ئەمساڵ لەگەڵ دەسپێکی خولی نایابی کوردستان نەیتوانی ئاستێکی بەرز پێشکەش بکات و لە 5 یاری یەکەمدا هیچ سەرکەوتنێکی بەدەستنەهێنا، لە ئەنجامدا ڕاهێنەرەکەی دەستی لەکارکێشایەوە.

تیپی کاراتێی خورماڵ..

# ئەو تیپەی بەناوی یانەوە بەشداری لە پاڵەوانیەتییە نێودەوڵەتییەکان دەکات

## «هێشتا بێ هۆڵ و بێ یانەیە، یاریزانانی لەناو هۆڵی مزگەوتێکدا مەشق دەکەن»

**سامان وڵاتزێڕی**
**ڕووداوی وەرزشی - خورماڵ**

«هێز.. ڕەوشت.. بەردەوامی»، ئەمە دروشمی تیپێکی گەورەیە، کە لە هەناوی ناحیەیەکی بچووکدا لەخۆڕاگری و بەرەوپێشچوون بەردەوامە. جیاوازی تیپی کاراتێی خورماڵ لەگەڵ سەرجەم یانەکانی دیکەی عێراق و کوردستان لەوەدایە کە ماوەی 10 ساڵە بەبێ یانەی وەرزشیی بەشداری لە زۆربەی پاڵەوانیەتییەکانی کوردستان و عێراق و بگرە جیهانیش کردووە.

سۆران زاهیر، ڕاهێنەری تیپی کاراتێی خورماڵ، لە لێدوانێکدا بۆ (ڕووداوی وەرزشی) ڕایگەیاند «یانەکەمان بە بڕیارێکی لیژنەی تیپە میللییەکانی کوردستان لە ساڵی 2003ەوە مۆڵەتی لێسەندراوەتەوەو لەو کاتەوە بێبەش بووینە لە سەرجەم هاوکارییە داراییەکان». ئەو ڕاهێنەرە گوتیشی «سەرەڕای ئەو کێشە گەورەیە کە تووشی وەرزشوانانی ناحیەکە بووەتەوە، ئێمە وەک تیپی کاراتێ بەردەوام بووین لەسەر بەشداریکردن لە پاڵەوانیەتییەکان، زۆربەی کاتیش بەناوی یانەی سیروانی شارەزوورەوە بەشداریمان لە پاڵەوانیەتییەکان کردووە».

ڕابەر زاهیر، هەڵگری نازناوی زیوی نێودەوڵەتی پێی ڕاگەیاندین کە سەرەکیترین کێشەی ئەوان لە بەشداریکردنی پاڵەوانیەتییەکاندا نەبوونی هاوکاری پێویستە لەلایەن حکومەتەوە «ئەو ئەنجامانەی تاوەکو ئێستا هەبوون بە هاوکاری دڵسۆزانی وەرزشیی ئەو سنوورە بوون، داواکارین هاوکاری خەڵکی دڵسۆزی ناوچەکە بەردەوام بێت».

ڕاهێنەری کاراتێی ئەو تیپە، گوتی «چەندینجار لایەنی پەیوەندیدارمان لە کێشەکە ئاگادارکرووەتەوە، بەڵام تاوەکو ئێستا هیچ وەڵامێکی گونجاومان وەرنەگرتووەتەوەو تاوەکو ئێستاش یاریزانانمان لەسەر گیرفانی خۆیان بەشداری لە پاڵەوانیەتییەکاندا دەکەن». هەروەها گوتیشی «بەداخەوە بۆ بەرپرسانی ئەم سنوورە کە پاش چەندین ساڵ هێشتا پڕۆژەی هۆڵی کاراتێی بە نیوە تەواوی جێهێڵدراوە و تەواو نەکراوە. تاوەکو ئێستاش لە مزگەوتێکی ساردی ئەو شارۆچکەیە درێژە بە ڕاهێنانەکانمان دەدەین و بەردەوامین لە بەرەوپێشچون و هەڵکشان بەرەو لوتکە».

تیپی کاراتێی خورماڵ خاوەنی چەندین نازناوی ناوخۆیی و نێودەوڵەتییە، چەند یاریزانێکیشیان لە ریزی هەڵبژاردەی عێراق دان، بەڵام بەهۆی نەبوونی سەرمایەی پێویست و هاوکاری دارایی ناتوانن وەک پێویست بەشداری لە پاڵەوانیەتییەکاندا بکەن...












KOREK Telecom

ئینتەرنێتی EXTRA G
بە ئارەزووی خۆت لەگەڵ 3 کەس بەش بکە

ئینتەرنێتی EXTRA G بەسەر خزم و دۆستانت بەش بکە لە هەر شوێنێکی عێراق بن بەشێوازێکی ئاسان و خێرا

- ئەم خزمەتگوزارییە بەردەستە بۆ سەرجەم بەشداربووانی ئێکسترا و ئێکسترا VIP و ئێکسترا پلەس.
- بۆ کاراکردن: سەردانی ماڵپەری "بژاردەکانم" بکە لەڕێگەی ئەم لینکە selfcare.korektel.com هەروەها هەژمارێك بۆ خۆت دروست بکە بۆ مەبەستی بەشداریکردن لە ئینتەرنێت.
- دەتوانی ئینتەرنێت بەش بکەی بەسەر 3 ژمارە یاخود بە ئامێرێك کە پاڵپشتی سیمکارت بکات (Korek Modem, Korek Hotspot, Tablet, Mobile ,....) تەنانەت ئەگەر لە هەمان شوێنیش نەبن.
- ماوەی بەردەستبوون: هەمان ماوەی بەردەستبوونی ئەو پاکێجەی هەیە کە بەشداریت لێی کردووە.
- دەتوانی ژمارەکان زیاد بکەی و بیان سڕیتەوە هەروەها دەتوانی قەبارەی هەر بەکارهێنەرێك دیاری بکەی.

| پاکێجەکان | ئێکسترا | ئێکسترا VIP | ئێکسترا پلەس |
|---|---|---|---|
| قەبارە | 10 GB | 20 GB | 40 GB |
| کاراکردنی پاکێج (د.ع.) | 40,000 | 60,000 | 90,000 |
| ماوەی بەردەستبوون | 30 ڕۆژ | 30 ڕۆژ | 30 ڕۆژ |
| کاراکردنی بەشداربوونی داتاکان (د.ع.) | 7,000 | 6,000 | 5,000 |
| زیادکردنی بەشداربوو (د.ع.) | 5,000 | 4,000 | 3,000 |

411

korektel.com

رووداو وەرزشی
ژمارە (387) سێشەممە 2016/2/9

KOREK



## بێ مانایە

سێرجیۆ رامۆسی کاپتنی یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی لە هەڤپەیڤینێکدا هەموو ئەو تۆمەتانەی بە قسەی بێ مانا وەسفکرد، کە هەندێک لە سەرچاوە رۆژنامەوانییەکان داویانەتە پاڵی، گوایە دارێژەر و سەرپەرشتیاری سەرەکی ئەو پیلانە بووە کە هەندێک لە یاریزانانی ریال مەدرید لەدژی رافا بینیتێزی راهێنەری پێشووی ریال مەدرید ئەنجامیان داوەو لەو بارەوە گوتی «ئەمانە قسەی بێ مانان، لە ژیانمدا هیچ پیلانێکم لەدژی کەس دانەناوە، لە هەموو ئەو راهێنەرانە بپرسن کە مەشقیان پێداوم، بەڵام هەر راهێنەرێک باجی ئەنجامە خراپەکانی خۆی دەدات».

لەبەرئەوەی یاریزانەکانی لەناو یاریگەدا رۆڵی تۆم کرۆز دەبینن..

# لیستەر سیتی مەحاڵی کردە راستی



«بەر لەدەستپێکردنی وەرزی ئەمساڵی پریمەرلیگ، ئامانجی رانییری تەنیا 42 خاڵ بوو»

## «رانییری هونەرێکی تایبەتی هەیە لە کۆنترۆلکردنی ژووری جلگۆڕین»

**ئا: رووداوی وەرزشی**

یانەی لیستەر سیتی، دیاردەیەکی نوێی وەرزی ئەمساڵی تۆپی پێی ئینگلتەرا و بگرە هەموو ئەوروپاشە، چونکە لەسەرەتای وەرزەوە ئامانجی تەنیا مانەوە بوو لە پریمەرلیگ، کەچی ئێستا نزیکترین پاڵێوراوە بۆ بردنەوەی نازناوەکە. دەبێ هۆکارەکانی ئەو وەچەرخانە چی بن؟!.

کلاودیۆ رانییری، راهێنەری لیستەر سیتی بەر لە دەستپێکردنی وەرزی ئەمساڵی پریمەرلیگ رایگەیاند کە ئامانجی کۆکردنەوەی 42 خاڵە، لەبەر دوو هۆکار، یەکێکیان ئەوەیە کە ئەو ژمارەی خاڵانە بەشێوەیەکی کرداری هێشتنەوەی لیستەر سیتی لە پریمەرلیگ بۆ وەرزی داهاتوو مسۆگەر دەکات. دووەمیشیان بۆ ئەوەیە کە ژمارەی خاڵەکانی بە یەک خاڵ لە خاڵەکانی وەرزی رابردووی لیستەر سیتی زیادتر دەبێت، کە بە درێژایی وەرزەکە تەنیا 41 خاڵی کۆکردەوە.

بەڵام رانییری و یاریزانانی بەر لە هەموو جیهان خۆیان تووشی سەرسوڕمان کرد، کە ئێستا بە 53 خاڵ لە پێشەنگی ریزبەندی یانەکانی پریمەرلیگن و ئاماژەکان بۆ ئەوە دەچن کە ئەو یانەیە بۆ جاری یەکەم لە مێژووی خۆیدا نازناوێک دەباتەوە.

بێگومان ئەو ئەنجامە چاوەڕوان نەکراوە، کۆمەڵێک هۆکاری لە پشتە، کە لەوانەیە گرنگترینیان ئەزموونی زۆری رانییری راهێنەر بێت، ئەو ئیتاڵییەی بەوە ناسراوە کە بێجگە لەوەی لە رووی تەکتیکەوە زۆر بەتوانایە، هونەرێکی تایبەتیشی هەیە لە کۆنترۆلکردنی ژووری جلگۆڕین، کە هەمیشە ئەوە هۆکارێکی سەرەکی سەرکەوتنی تیپە.

خودی یاریزانەکانیش لەنێو خۆیاندا زۆر کۆک و تەبان، کە لەوانەیە بەشێکی ئەو هۆکارەش هەر بۆ بلیمەتی و حیکمەتی رانییری راهێنەر بگەڕێتەوە.

هۆکارێکی دیکەش لەخۆبووردەیی و خۆماندووکردنی یاریزانانە، کە دانی درینکوتری یاریزانی هێڵی ناوەڕاستی یانەکە باسی ئەو خاڵە دەکات و دەڵێت «هیچ هۆکارێکی زەحمەت و ئاڵۆز لەپشت ئەو ئاستە بەرزە نییە کە ئێمە پێشکەشی دەکەین، تاکە هۆکار ئەوەیە کە هەموومان پێکەوە خۆمان ماندوو دەکەین و هەموو ئەو توانایانەمان دەخەینەگەڕ کە تێماندا هەیە».

جەماوەری لیستەر سیتیش، کە بە جەماوەرێکی وەفادار ناسراوەو لە دۆڕان و سەرکەوتن پشتگیری یانەکەیان دەکەن، هۆکارێکی دیکەیە بۆ سەرکەوتنەکانی ئەو یانەیە.

چاودێران دەڵێن «ئەو سەرەتایە سیحراوییەی رانییری و یاریزانەکانی لە پریمەرلیگدا پێشکەشیان کرد، هێزێکی گەورەیان بەو یانەیە دا». هەروەها دەشڵێن «ئێستاش کە یانەکە بەجددی بیر لە نازناوەکە دەکاتەوە، هاندەرێکی دیکەیە بۆ یاریزانانی لیستەر سیتی کە لەسەر ئەو ئاستە بەرزەیان بەردەوام بن، بە ئامانجی ئەوەی بگەنە خەونە گەورەکە، کە بردنەوەی نازناوی پریمەرلیگ و تۆمارکردنی مێژووییەکی زێڕینە بۆ یانەیەک، کە لە ساڵی 1884 دامەزراوەو تاوەکو ئێستاش خەزێنەکەی یەک نازناوی تێدا نییە».

بێگومان هەڵکەوتن و دەرکەوتنی دوو ئەستێرەی وەک ریاز محرز و جیمی ڤاردیش لەو یانەیەدا، کە ئێستا هەموو گەورە یانەکانی ئەوروپا خەونیان پێوە دەبینن، هۆکارێکی سەرەکییە بۆ ئاستبەرزی لیستەر سیتی.

شارەزا و چاودێرانی پریمەرلیگ، دەڵێن «ئێستا لیستەر سیتی بەجددی پاڵێوراوە بۆ ئەوەی خەونەکەی بکاتە راستی». تەنانەت یەکێک لەو چاودێرانە دەڵێت «ئەگەر من لەجیاتی رانییری راهێنەری لیستەر سیتی بم، لە کۆتایی هەموو هەفتەیەکدا یاریزانەکانم ناچار دەکەم سەیری فیلمەکانی تۆم کرۆز بکەن، بۆ ئەوەی بزانن کە مەحاڵ دەبێتە راستی».



بیبیتۆ و رۆماریۆ بەبیر خەڵکی دەهێننەوە..

# ڤاردی و محرز باشترین دووانەی جیهانن

**رووداوی وەرزشی ـ GULF NEWS**

جیمی ڤاردی و ریاز محرز، ئەو دووانەیەی بەر لە وەرزی ئەمساڵی پریمەرلیگ کەس نەیدەناسین، ئێستا بوونەتە بەهێزترین دووانە لە جیهانی تۆپی پێدا. ئامارەکان شایەتی لەسەر ئەو راستییە دەدەن و چاودێران دەڵێن «ئەو دووانەیەی لیستەر سیتی دووانەی هەڵبژاردەی بەرازیل، بیبیتۆ و رۆماریۆ بەبیر خەڵکی دەهێننەوە».

یانەی لیستەر سیتی ئینگلیزی 132 ساڵ پێش ئێستا دامەزراوە، لەو مێژووە درێژەیدا 48 جار بەشداری لە خولی نایابی ئینگلیزی کردووە، لەوانە 14 جار لە سیستمی پریمەرلیگ، بەڵام تاوەکو ئێستا شەرەفی بەدەستهێنانی هیچ نازناوێکی ئینگلیزی پێنەبڕاوە، کەچی لەم وەرزەدا بە ئاستی بەرزی و هاتنی لەسەرووی ریزبەندی پریمەرلیگ دوای تێپەڕبوونی 25 گەڕ بە 53 خاڵ هەمووانی تاساند.

یانەی لیستەر سیتی لەم وەرزەدا لە هەموو پاڵەوانیەتییەکاندا 30 یاری ئەنجام داوە، 17 یاری بردووەتەوە و لە 10 یاری یەکسان بووە و 3 یاریشی دۆڕاندووە، کە یەکێکیان بەرامبەر تۆتنهام بووە لە جامی یەکێتی ئینگلتەرا. لیستەر سیتی 56 گۆڵی کردووە و 28 گۆڵیشی لێکراوە. ئامارەکان ئەو سەرکەوتنانەی ئەو یانەیە بۆ دووانەی نایاب ریاز محرز و جیمی ڤاردی دەگەڕێننەوە، چونکە محرز لەم وەرزەدا 14 گۆڵی کردووە و 8 گۆڵیشی دروست کردووە، کەچی جیمی ڤاردی 18 گۆڵی کردووە و 3 گۆڵیشی دروست کردووە.

ئەگەر ئەو دووانەیە لەسەر ئەو ئاستە بەردەوام بن، دوور نییە لیستەر سیتی یەکەم نازناو لە مێژووی خۆی بەدەستبێنێت و وەک چاودێران دەڵێن «ئەوان باشترین دووانەکانی جیهان بەبیر خەڵکی دەهێننەوە، وەک بیبیتۆ و رۆماریۆ لە هەڵبژاردەی بەرازیل، ئاندی کۆل و دوایت یۆرک لە یانەی مانچستەر یونایتد و چەندین دووانەی دیکەی سەرکەوتوو لە جیهانی تۆپی پێدا».

یاریزانان لە ژووری جلگۆڕین بەئاشکرا رەخنە لە سەرۆک دەگرن..

# ئاگری نێومالی مەدریدی هێشتا نەکوژاوەتەوە



کارڤاخاڵ: ماوەی مانەوەمان لەناو فڕۆکەدا زۆرتر بوو لە ماوەی مەشقکردنمان

**ئا: رووداوی وەرزشی**

سەرەڕای ئەوەی لابردنی رافا بینیتێز لە ئەرکی مەشقەکانی یانەی ریال مەدرید و دانانی زەینەدین زێدان لە شوێنی ئەو، تا رادەیەک بارودۆخی تیپەکەی بەرەو باشتر گۆڕی، چ لە رووی یاریکردنەوە، یان لە رووی ئارامکردنەوەی کەش و هەوای ناو ژووری جلگۆڕین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سەرچاوەکان دەڵێن «ئاگری ناو ماڵی مەدریدی هێشتا بەیەکجاری نەکوژاوەتەوە».

### یەکەم شۆڕتی نێوان زێدان و سەرۆک

رۆژنامەی دۆن بالۆنی ئیسپانی رایگەیاند زێدان داوای لە پیرێز کردووە، پۆل پۆگبای یاریزانی یوڤانتۆس و رۆبەرت لیڤاندۆڤسکی هێرشبەری بایرن میونشنی بۆ بکڕێت. زێدان دەیەوێ ئاستی هێڵی ناوەڕاستی زۆر بەرزبێت، بۆ ئەوەی لەگەڵ مۆدریچ و کرووس بەنۆرە یارییان پێبکات، چونکە پێی وانییە کاسیمیرۆ ئەو تایبەتمەندیانەی تێدا بێت کە ئەو لە یاریزانی هێڵی ناوەڕاست دەیەوێ. زێدان لەبەر کارایی لە هێڵی پێشەوە لیڤاندۆڤسکی دەوێ، کە وای لێکردووە ببێتە باشترین سەرەڕمی ئێستا، هەروەها دەیەوێ جۆرە رکابەریەکیش بۆ کەریم بنزیمە دروست بکات. بە گوێرەی بالۆن دۆر «زێدان نەیتوانیوە پیرێز رازی بکات ئەو دوو دەستەوارەیەی بۆ تەواو بکات، چونکە بەهای هەریەکەیان لە 100 ملیۆن یۆرۆ نزیکە، ئەگەر ئەوەش سەر بگرێ، لەوانەیە مانای دەرچوونی ناوێکی گەورە بێت لە یانەکە».

### یاریزانان لە سەرۆک ناڕازین

پێدەچێت ئەستێرەکانی ریال مەدرید لەسەر ئەوە رێککەوتبن، بەرپرسیاریەتی لەخۆیان دوورخەنەوە، سەبارەت بە سەرەتای خراپی تیپەکە لە قۆناخی یەکەمی وەرز، کە بووە هۆکاری لەدەستدانی 17 خاڵ، کە ریال بەجیاوازی 7 خاڵی تیۆری و 4 خاڵی راستەقینە لە پلەی یەکەمەوە دوورە. سەرچاوەیەکی نزیک لە یانەی شاهانە دەڵێت «هێشتا لە ژووری جلگۆڕیندا زۆر لە یاریزانان بە ئاشکرا گلەیی لە سەرۆک دەکەن و دووپات دەکەنەوە کە ماوەی ئامادەسازیی هاوینە لە ئاستی پێویست نەبووە و کەموکوڕی زۆر لە بەرنامەکەیدا هەبووە، کە بریتی بوو لە سەفەرکردن بۆ ماوەی زۆر و کەمتر مەشقکردن، ئەوەش لەگەڵ تێپەڕبوونی گەڕەکانی لیگا کاریگەری بەسەر توانای جەستەییان دروستکرد». بۆیە کارفاخال دەڵێت «ماوەی مانەوەمان لەناو فڕۆکە زۆرتر بوو لە ماوەی مەشقکردنمان».

### سەرۆک تۆمەتبارە

ئەوەی زیاتر ئەو تۆمەتە بەسەر سەرۆکدا ساغ دەکاتەوە ئەوەیە کە سەرچاوەیەکی ناو ماڵی مەدریدی ئاشکرایکردووە رافا بینیتێزی راهێنەری پێشووش رەخنەی لە بەرنامەی ئامادەسازیی پێش وەرز گرتبوو، کاتێک لە کۆبوونەوەیەکی نێوانیان لەبارەی ئامادەسازییەکان بەگژ سەرۆکدا چووبووەوە «رافا رازی نەبوو لە ماوەیەکی کورتدا سەفەر بۆ چەند وڵاتێک بکات، بەڵام سەرۆک ئاگاداری کردبووەوە، لەوەی دەست لەو کارە وەرنەدات و پێیگوتبوو ئامادەسازییەکان لە دەسەڵاتی کارگێڕییە، بەڵکو فەرمانی پێکردبوو بەرنامەکەی خۆی بە گوێرەی خشتەی دیاریکراو رێکبخات، ئەوەش رافای ناچارکرد رازی بێت».

### هەڵەیەکی دیکەی سەرۆک

کەس نکۆڵی لەوە ناکات کە ریال مەدرید بەنیازی بەدەستهێنانی نازناوەکان دەستی بەم وەرزە کرد، نەخاسمە کە یەکێک لە باشترین پێکهاتەکانی ئەوروپای هەیە، کەچی بارودۆخ هەر لە سەرەتای وەرزەوە یاوەری نەبوو، چ لەلایەنی پێکانەکان یان ماوەی ئامادەسازیی خراپ و بژاردەکانی رافا بینیتێز بێت، بەر لەوەی کارگێڕیش دەستی لە بەشێکی زۆری پاشەکشەکردنەکە هەبێت، بەهۆی کەوتنە هەڵەی گەورە و زۆرەوە، سەرەتا لە شکستهێنانی لە گرێبەستەکانی هاوینە و لادانی ئەنچیلۆتی تاوەکو دەگاتە دەرچوون لە جامی شا بە نەفامی، ئەوەش وای لە چاودێرن کردووە پێشبینی هاتنی هاوینێکی گەرم بۆ پیرێز و کارگێڕیەکەی بکەن، بەتایبەتی ئەگەر تیپەکە نەتوانێت نازناوی لیگا یان چامپیۆنسلیگ بەدەستبێنێت.

# خشتەی یارییەکانی هەفتە



جامی ئەڵمانیا
10:30
سێشەممە 9/2/2016
شتۆتگارت - بورۆسیا دۆرتمۆند

جامی ئینگلتەرا
10:45
سێشەممە 9/2/2016
وێستهام - لیڤەرپووڵ

جامی فەرەنسا
11:05
چوارشەممە 10/2/2016
پاریس سانجێرمان - لیۆن

خولی ئیسپانیا
06:00
شەممە 13/2/2016
ڕیال مەدرید - ئەتلەتیک بلباو

## خولی ئیسپانیا ( هەفتەی 24)

| | |
|---|---|
| **هەینی 2016/2/12** | |
| خیخۆن - ڕایۆ ڤالیکانۆ | 10:30 |
| **شەممە 2016/2/13** | |
| ڕیال مەدرید - ئەتلەتیک بلباو | 06:00 |
| ڤیارڕیال - مەلەگە | 08:15 |
| ڤالێنسیا - ئیسپانیۆل | 10:30 |
| دیپۆرتیڤۆ - ڕیال بیتیس | 12:05 |
| **یەکشەممە 2016/2/14** | |
| ڕیال سۆسیداد - گرانادا | 02:00 |
| سڤیلیا - لاس پالماس | 06:00 |
| گیتافی - ئەتلەتیکۆ مەدرید | 08:15 |
| ئیبار - لیڤانتی | 08:15 |
| بارسیلۆنا - سێلتاڤیگۆ | 10:30 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 - بارسیلۆنا | 54 |
| 2 - ئەتلەتیکۆ مەدرید | 51 |
| 3 - ڕیال مەدرید | 50 |
| 4 - ڤیارڕیال | 45 |
| 5 - سڤیلیا | 37 |
| 6 - ئەتلەتیک بلباو | 35 |
| 7 - سێلتاڤیگۆ | 35 |
| 8 - ئیبار | 33 |
| 9 - دیپۆرتیڤۆ | 31 |
| 10 - مەلەگە | 30 |

| گۆڵکاران | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - سوارێز | بارسیلۆنا | 20 |
| 2 - ڕۆناڵدۆ | ڕیال مەدرید | 19 |
| 3 - بنزیمە | ڕیال مەدرید | 19 |
| 4 - نەیمار | بارسیلۆنا | 16 |
| 5 - بۆرخا | ئیبار | 15 |

## خولی ئینگلتەرا (هەفتەی 26)

| | |
|---|---|
| **شەممە 2016/2/13** | |
| سەندەرلاند - مانچستەر یونایتد | 03:45 |
| ئێڤەرتۆن - وێست برۆمیچ | 06:00 |
| نۆرویچ سیتی - وێستهام | 06:00 |
| کریستاڵ - پالاس واتفۆرد | 06:00 |
| سوانزی سیتی - ساوسهامتۆن | 06:00 |
| بۆرنیمۆس - ستۆک سیتی | 06:00 |
| چێلسی - نیوکاسڵ | 08:30 |
| **یەکشەممە 2016/2/14** | |
| ئارسناڵ - لیستەر سیتی | 03:00 |
| ئەستۆن ڤێلا - لیڤەرپووڵ | 05:05 |
| مانچستەر سیتی - تۆتنهام | 07:15 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 - لیستەر سیتی | 53 |
| 2 - تۆتنهام | 48 |
| 3 - ئارسناڵ | 48 |
| 4 - مانچستەر سیتی | 47 |
| 5 - مانچستەر یونایتد | 41 |
| 6 - وێستهام | 39 |
| 7 - ساوسهامبتۆن | 37 |
| 8 - ئێڤەرتۆن | 35 |
| 9 - لیڤەرپووڵ | 35 |
| 10 - واتفۆرد | 33 |

| گۆڵکاران | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - ڤاردی | لیستەر سیتی | 18 |
| 2 - لۆکاکۆ | ئێڤەرتۆن | 16 |
| 3 - کەین | تۆتنهام | 15 |
| 4 - ئۆدیۆن | واتفۆرد | 15 |
| 5 - محرز | لیستەر سیتی | 14 |

## خولی ئیتاڵیا (هەفتەی 25)

| | |
|---|---|
| **پێنجشەممە 2016/2/11** | |
| لازیۆ - ڤیرۆنا | 10:45 |
| **هەینی 2016/2/12** | |
| کارپی - ڕۆما | 10:45 |
| **شەممە 2016/2/13** | |
| ئیمپۆلی - فرۆزینۆنی | 05:00 |
| کییێڤۆ - ساسۆلۆ | 08:00 |
| یوڤانتۆس - ناپۆلی | 10:45 |
| **یەکشەممە 2016/2/14** | |
| میلان - جێنەوا | 02:30 |
| ئۆدینێزی - بۆلۆنیا | 05:00 |
| سامپدۆریا - ئاتالانتا | 05:00 |
| پالێرمۆ - تۆرینۆ | 05:00 |
| فیۆرەنتینا - ئینتەرمیلان | 10:45 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 - ناپۆلی | 56 |
| 2 - یوڤانتۆس | 54 |
| 3 - فیۆرەنتینا | 46 |
| 4 - ئینتەرمیلان | 45 |
| 5 - ڕۆما | 44 |
| 6 - میلان | 40 |
| 7 - ساسۆلۆ | 34 |
| 8 - ئیمپۆلی | 34 |
| 9 - لازیۆ | 33 |
| 10 - کییێڤۆ | 30 |

| گۆڵکاران | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - هیگواین | ناپۆلی | 24 |
| 2 - دیبالا | یوڤانتۆس | 13 |
| 3 - باکا | میلان | 12 |
| 4 - مارتینز | سامپادۆریا | 12 |
| 5 - کالینیچ | فیۆرەنتینا | 11 |

## خولی ئەڵمانیا (هەفتەی 21 )

| | |
|---|---|
| **هەینی 2016/2/12** | |
| ماینز - شاڵکە | 10:30 |
| **شەممە 2016/2/13** | |
| دارمشتات - بایرلیڤەرکۆزن | 05:30 |
| فۆلفسبۆرگ - ئینگۆلشتات | 05:30 |
| بورۆسیا دۆرتمۆند - هانۆڤەر | 05:30 |
| شتۆتگارت - هێرتا بەرلین | 05:30 |
| ڤێردەربریمەن - هۆفنهایم | 05:30 |
| کۆڵن - فرانکفۆرت | 08:30 |
| **یەکشەممە 2016/2/14** | |
| هامبۆرگ - مونشنگلادباخ | 05:30 |
| ئوگسبۆرگ - بایرن میونشن | 07:30 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 - بایرن میونشن | 53 |
| 2 - بورۆسیا دۆرتمۆند | 45 |
| 3 - هێرتا بەرلین | 35 |
| 4 - شاڵکە | 33 |
| 5 - بایرلیڤەرکۆزن | 32 |
| 6 - مونشنگلادباخ | 32 |
| 7 - ماینز | 30 |
| 8 - فۆلفسبۆرگ | 27 |
| 9 - کۆڵن | 26 |
| 10 - ئینگۆلشتات | 26 |

| گۆڵکاران | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - ئۆباميانگ | بورۆسیا دۆرتمۆند | 20 |
| 2 - لیڤاندۆفسکی | بایرن میونشن | 19 |
| 3 - مۆلەر | بایرن میونشن | 14 |
| 4 - چیچاریتۆ | بایرلیڤەرکۆزن | 13 |
| 5 - مایێر | فرانکفۆرت | 11 |

## خولی فەرەنسا (هەفتەی 26 )

| | |
|---|---|
| **هەینی 2016/2/12** | |
| ئەنجی - ڕین | 10:30 |
| **شەممە 2016/2/13** | |
| پاریس سانجێرمان - لیل | 07:00 |
| گانگۆن - بۆردۆ | 10:00 |
| مۆنپێلیە - تۆلۆز | 10:00 |
| نانت - لۆریان | 10:00 |
| ڕیمس - باستیا | 10:00 |
| ئەجاکسیۆ - تروا | 10:00 |
| **یەکشەممە 2016/2/14** | |
| لیۆن - کان | 04:00 |
| سانت ئیتیان - مۆناکۆ | 07:00 |
| نیس - مارسیلیا | 11:00 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 - پاریس سانجێرمان | 69 |
| 2 - مۆناکۆ | 45 |
| 3 - نیس | 39 |
| 4 - سانت ئیتیان | 39 |
| 5 - ئەنجی | 37 |
| 6 - لیۆن | 36 |
| 7 - نانت | 36 |
| 8 - کان | 36 |
| 9 - ڕین | 35 |
| 10 - مارسیلیا | 34 |

| گۆڵکاران | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - ئیبراهیمۆڤیچ | پاریس سانجێرمان | 21 |
| 2 - پاتشوای | مارسیلیا | 12 |
| 3 - بن عەرەفە | نیس | 11 |
| 4 - موکاندچۆ | لۆریان | 11 |
| 5 - کاڤانی | پاریس سانجێرمان | 11 |

## جامی ئەڵمانیا (قۆناخی 8)

| | |
|---|---|
| **سێشەممە 2016/2/9** | |
| بایرلیڤەرکۆزن - ڤێردەربریمەن | 09:00 |
| شتۆتگارت - بورۆسیا دۆرتمۆند | 10:30 |
| **چوارشەممە 2016/2/10** | |
| هایدن هایم - هێرتا بەرلین | 09:00 |
| بوخۆم - بایرن میونشن | 10:30 |

| گۆڵکاران | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - ستیندل | مونشنگلادباخ | 4 |
| 2 - مخیتریان | بورۆسیا دۆرتمۆند | 3 |
| 3 - چیچاریتۆ | بایرلیڤەرکۆزن | 3 |
| 4 - کیسلینگ | بایرلیڤەرکۆزن | 3 |
| 5 - کالۆ | هێرتا بەرلین | 3 |

## جامی شای ئیسپانیا (قوناخی 4)

| | |
|---|---|
| **چوارشەممە 2016/2/10** | |
| ڤالێنسیا - بارسیلۆنا | 10:00 |
| **پێنجشەممە 2016/2/11** | |
| سێلتاڤیگۆ - سڤیلیا | 10:00 |

| گۆڵکاران | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - مێسی | بارسیلۆنا | 5 |
| 2 - سوارێز | بارسیلۆنا | 5 |
| 3 - حەدادی | بارسیلۆنا | 5 |
| 4 - جودیتی | سێلتاڤیگۆ | 5 |
| 5 - نیگریدۆ | ڤالێنسیا | 4 |

خولی ئیتاڵیا
10:45
شەممە 13/2/2016
یوڤانتۆس - ناپۆلی

خولی ئینگلتەرا
03:00
یەکشەممە 14/2/2016
ئارسناڵ - لیستەر سیتی

خولی ئینگلتەرا
07:15
یەکشەممە 14/2/2016
مانچستەر سیتی - تۆتنهام

خولی ئیسپانیا
10:30
یەکشەممە 14/2/2016
بارسیلۆنا - سێلتاڤیگۆ

KOREK

ڕووداو وەرزشی
ژمارە (387) سێشەممە 2016/2/9

## کریستیانۆیە



ڕۆژنامەی لاگازیتا دیلۆ سپۆرتی ئیتاڵی پەسنی خۆسێ کالیخۆنی هێرشبەری ئیسپانی یانەی ناپۆلی ئیتاڵی دا و ڕایگەیاند کە ئەو یاریزانە ئێستا لە ئیتاڵیا بە کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ ناودەبرێت، بەهۆی ئەو ئاستە بەرزەی ئەمساڵ لەگەڵ ناپۆلی پێشکەشی دەکات و لەو بارەوە نووسیویەتی «ئێستا زۆر لە ئیتاڵییەکان کالیخۆن بە کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ دەچوێنن، بەهۆی ئەو ئاستە بەرزەی لەگەڵ ناپۆلی پێشکەش دەکات، هەروەها پێیانوایە شێوازی یاریکردنیشی زۆر بە شێوازی یاریکردنی ڕۆناڵدۆ دەچێت» .

# بۆفۆن بەرگری لە شەهیدان دەکات

**هەرێز جەمال**
**ڕووداوی وەرزشی ـ سلێمانی**

بگار ئەنوەر، گۆڵپارێزی تیپی تۆپی پێی یانەی سیروانی نوێ، لە لێدوانێکی تایبەتدا بە (ڕووداوی وەرزشی) ڕاگەیاند کە ئەو شوێنی لە یانەی سیروانی نوێ نەماوە، لەبەرئەوەی ئیدارە و دەستەی ڕاهێنەرانی بڕیاریانداوە پشت بە گۆڵچییەکی عەرەب ببەستن.

بگار ئەنوەر، بەشێوەیەکی فەرمی ماڵئاوایی لە شاری سلێمانی کرد و پەیوەندی بە ڕیزەکانی یانەی شەهیدانەوە کرد، بۆ ئەوەی لەمەودوا بەرگری لە تۆڕی گۆڵی ئەو یانەیە بکات.

ئەو گۆڵپارێزە، کە بە «بۆفۆنی کوردستان» ناسراوە، بە (ڕووداوی وەرزشـــی ) ڕاگەیاند دوای پاراستنی تۆڕی گۆڵی یانەی سیروانی نوێ بۆ ماوەی 5 وەرز، ئێستا هیچ پەیوەندییەکی بە یانەی شین پۆشەکەی شاری سلێمانییەوە نەماوەو گوتی «ڕووم لە یانەی شەهیدان کردووەو ئەم وەرزە بەرگری لە گۆڵی شەهیدان دەکەم» .

بگار ئەنوەر، بەشـێوەیەکی ناڕاسـتەوخۆ گلەیی لـە ئیدارەی یانە کۆنەکەی و دەستەی ڕاهێنەرانی کردو گوتی «من لەبەرئەوە ی یانەی سـیروانی نوێم جێهێشـت، چونکە جێگەم لەگەڵ ئەو یانەیە نەماوە، ئەوان گۆڵپارێزێکی عەرەبیان هێناوە بۆ ئەوەی جێگەم بگرێتەوە» .

ئەو گۆڵپارێزەی شـاری سلێمانی، کە بە «شێرەش» ناسراوە، لە وەرزی 2013 ـ 2014 وەک باشـترین گۆڵپارێـزی خولـی پلـە یەکی کوردستان دەستنیشانکرا .




# ئۆتۆمبێلەکانی ڕۆناڵدۆ بایی 5 ملیۆن یۆرۆن

**ڕووداوی وەرزشی ـ DW**

هەرچەنـدە کریسـتیانۆ ڕۆناڵـدۆی ئەسـتێرەی پورتوگالـی یانـەی ڕیال مەدریدی ئیسـپانی هەمیشـە دەڵێت "ناتوانـم بە بێ تۆپی پێ بژیم" . بەڵام وادیـارە ئەو بە بـێ ئۆتۆمبێلە مۆدێل نـوێ و گرانبەهاکانیش ناژیت، چونکە ئارەزوویەکـی هـەر گـەورەی ڕۆناڵدۆ کڕینی زۆرتریـن ژمارەی ئۆتۆمبێلە بە گرانترین نرخ.

لـە کردارێکـی ژماردنـی هەمـوو ئۆتۆمبێلەکانـی کریسـتیانۆ ڕۆناڵدۆی ئەسـتێرەی پورتوگالـی، لـە هەمـوو ماڵەکانـی لـە سەرتاسـەری جیهان، ماڵپەرێکـی تایبەتمەنـد بـە بەهای ئۆتۆمبێلـەکان دووپاتیکردەوە کە ئـەو یاریزانە ملیۆنەهـا یۆرۆی بۆ کڕینی ئۆتۆمبێل خەرجکردووە، چونکە زۆر حـەزی لە ئۆتۆمبێلـە گرانبەها و مۆدێـل نوێکانە . ئەو ماڵپـەڕە دەڵێت "ئۆتۆمبێلەکانی دۆن بای 5 ملیۆن یۆرۆ زیاترن" .

هەمان سـەرچاوە دووپاتیدەکاتەوە "ڕۆناڵـدۆ بـە پەرۆشـی کڕینـی گرانبەهاتریـن جۆرەکانـی ئۆتۆمبێلە، هاوشێوەی بینتلی، مارسیدس، فیراری، سـپایدەر، پۆرشـە" . بە ڕوونـی دیارە موشـەکی مادێـرا زۆر بایەخ بە هەموو جۆرە ئۆتۆمبێلەکان دەدات، بەتایبەتی ئەوانەی لەگەڵ زەوقی ئەو دەگونجێن.

دۆن کریستیانۆ، بێجگە لە ئۆتۆمبێل، بەمدواییە فڕۆکەیەکی تایبەتیشـی بە بەهـای 19 ملیـۆن یۆرۆ کڕیـوە، بۆ ئەوەی لە گەشتەکانی لەسەرتاسەری جیهان بەکاری بهێنێت.




## پێشبڕکێ




**به کورتترین و جوانترین لێدوانت لەسەر ئەم وێنەیە خەڵات وەربگرە**

کورتە نامەیەک لەگەڵ ناوی خۆت بنێرە بۆ ژمارە تەلەفۆنی:

**0750 833 3555**



براوەی پێشبڕکێی ژمارەی پێشوو

**هونەر کازم لە هەڵەبجە**

بە لێدوانی:

**( لە سەرەتاوە دیارە، زیزۆ خەمخۆری ڕیالە )**

## LOTTO 1 — چل و حەوتەمیین پێشبڕکێ

ژمارە (387) سێشەممە 2016/2/9

شـەش کۆبۆنی یەک بـەدوای یەک، واتا هی شـەش ژمارەی لە دوای یەک بە ناو و ژمارەی تەلەفۆنی خۆت پڕ بکەرەوە و بیگەڕێنەرەوە بۆ ئەو شوێنەی (ڕووداوی وەرزشـی) ت لێکڕیـوە، بـەو جـۆرە لەتیروپشـکی بردنەوەی لۆتۆی ڕووداوی وەرزشی بەشداربە.

**خەڵاتەکان**

1 ـ ئامێری ڕۆیشتنی کارەبایی
2 ـ تەلەفزیۆنی LCD
3 ـ کۆمپیوتەری لاپتۆپ
4 ـ کۆمپیوتەری دیسکتۆپ
5 ـ ئامێرەکی تەلەفونی مۆبایل

ناو : ..................................................

مۆبایل : ..............................................

(ڕووداوی وەرزشی) بخوێنەوەو خەڵات ببەرەوە




RÛDAW
www.rudaw.net
(ڕووداوی وەرزشی) ڕۆژنامەیەکی هەفتانەیە کۆمپانیای ڕووداو بە سپۆنسەری کۆمپانیای کورەک تیلیکۆم، هەموو ڕۆژانی سێشەممە دەریدەکات
لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بە ژمارەی متمانەی (160) تۆمارکراوە
سەرنووسەر: ئیحسان تاهیر محەممەد
0750 454 71 68 - e-mail:ihsan@rudaw.net
ئەندامی شانازی ستاف: عەبدوڵڵا قرگەیی
بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیمەتی
دیزاینەران : هونەر مەرجان ـ شاهۆ محەممەد



هەموو دووشەممەیەک بخوێنەوە
ڕووداو هەموومان گەنجتر دەکاتەوە